www.kurdistannet.org
14-4-2003 2:55

# تراژیدیای جەنگ و ئۆپۆزیسۆنی کۆمیدی !

کەمال ڕەوف

هەڵتەکاندن و سەرەنگومکردنی ڕژێمی بەعس لەم دەورانەدا جگەلەوەی پێویستی و خواستێکی کۆنی سیاسی وکۆمەلأیتی خەڵکی عێراق بوو، لەهەمانکاتیشدا بووە زەرورەتێکی سیاسی و ناوچەیی بەرچاوی وا کە زۆرێك لەڕژێم و دەسەلأتەکانی ناوچەکە گرەوی مانەوەی خۆیان پێوە گرێدا. لای ئەمەریکاییەکانیش لەگۆڕنانی ئەم ڕژێمە، ئەوەندە بەمەسەلەیەکی گرنگ و حەیاتی دەژمێردرا، کەبێسڵەمینەوەو بەتەنیا ئەوەی ڕایدەگەیاند کەڕونەدانی ئەو ئاڵوگۆڕەی کردبووە شتێکی مەحاڵ، چونکە بۆئەو ئەو ئاڵوگۆڕانە لەعێراقدا جگەلەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندیە ئابووریەکان، لەهەمانکاتیشدا لەپشتەوەی ڕووداوەکان تارمایی شەڕێکی گەورەو فراوانتری نێودەوڵەتی هەستپێدەکرد کە هیچی لە جەنگە گەورەکانی جیهان کەمتر نەبوو، هەربۆیە بۆئەو ڕوونەدانی بەشکست و لەدەستدانی ئەو دەستکەوتانە دەزانی کە لەجەنگی ساردا بەدەستی هێنابوو، ئەمانە دیسانەوە جگەلەو ئامانج نیشانانەی کەتاکوئێستا لەپشتی پەردەوە هێڵراونەتەوەو سەرەتاکانی بەوە لێکدەدرێتەوە کەئەمدەورانە بۆئەمەریکاییەکان هەولێکە بۆجێخستنی تاکجەمسەری و چەسپاندنی نەزمێکی نوێی وا کە سنورو قەیدو بەندەکانی کۆن و سەردەمانی دنیایی دووقوتبی ڕامالێت. لێرەوە ئیتر بۆئەمەریکاییەکان ئاساییە کەبۆجەنگ نەپێویستیان بەگڵۆپی سەوزی نەتەوە یەکگرتوەکان دەبێت نە شەریکایەتی تەحالوفەتەقلیدیەکانی پێشوو بەپێویست دەزانن، ئامادەش دەبن بۆئەوەی دەستیان لەیەکەم حەلقەی ئەم سەرکەوتنەگەورەیە گیربێت خەسارەت و قوربانی زۆربدەن.

ئەم جەنگە کەلەناوەرۆکدا شەڕێکی تەقلیدی و گەڕانەوەیە بۆدواوە، بەلأم لەگەڵ ئاوازگەلێکی تازە و داهێنەرانەی وای هێنایە ئاراوە، کە زیادکردن و نیشاندانی شێوازگەلێکی تری بەهانە هێنانەوەی شەڕو هەڵگیرساندنی جەنگە بەدنیایی ململانێیەتیو ناوجەیی و نێودەوڵەتی کەبۆخۆی ئەمەش شکاندنی هەمووئەو قەیدو بەندو سنورانەیە کەلەسەر کەلاوەو دیوارەکانی جەنگی جیهانی دووەم بیناکرابوو، هەربۆیە پەلەکردن و جدی بونی ئەمەریکا لەم جەنگەدا یانی پەلەکردن لەکۆتایی هێنان بەو هەلومەرجە و واقیعە کۆنەی کەچیتر ئەو لێی ڕازی نیە و دەخوازێت گۆڕانی بنچینەیی بەسەردا بهێنێت، بەڕێوەچونی شەڕو ئاکامەکەشی دیسانەوە پەیوەست دەبێتەوە بەو بەرژەوەندیە تاکلایەنانەی کە مانای تۆخبونەوە و هەڵکشانی تاکجەمسەری و لەبیرکردنی بەرژەوەندی و هاوپەیمانەکۆنەکانە، چونکە چیتر بۆئەمەریکاییەکان کەهەمیشە بیرکردنەوەیان وابوە دوژمن و هاوپەیمانی هەمیشەییان نەبێ، لەگەڵ لەناوچونی جەنگی ساردا ئەو هەلومەجەش لەناودەچێت کەلەو سەردەمەدا هاتبوە ئاراوە ! هەربۆیە گەر سەرکەوتن لەم جەنگەدا بەرووی ناوەوە مانایی گۆڕانی ڕژێمێکی نەیارو بەدەست هێنان و قۆرخ کردنی بازارێکی تازەبێت، ئەوا بەدیوی دەرەوەشدا ئەو سەرکەوتنەی تیادا بەدەست هات کەتوانی زۆربەی لایەنە بەهێزەکان بکاتە سەیرکەرو بڕینی چەند پلەیەکی سەرەتایی جیهانی یەك قوتبی بێت، هەربۆیە هەوڵەکانی نیشانیاندا نەك هەربەشەریکی هاوپەیمانە کۆنەکان ڕازی نەبوو لەهەمانکاتیشدا دەرکەوت بە شەریکی ئۆپوزیسونی عێراقی تازە هاوپەیمانیش ڕازی نەبێت وبەتەنها بیانکاتە سەیرکەری ڕووداوەکان. ئەو ئۆپۆزیسۆنە زۆروبۆرەی کە بەتەنها ئەو دەورەیان پێبینرا کەلەچاوی کامێرای کەناڵە ئاسمانیەکانەوە سەیری ڕوداوەکان بکەن ئەوەیان سەلمان کەجگە لەوەی بونیان بونێکی ساردەوە بوو بێگیان بوو، لەهەمانکاتیشدا لەئایندەی دەسەلأتدا ئەوسەلەمە بێدەنگ وبێدەورە دەبن کە نەتوانن دەورێکی کۆمەلأیەتی بەرچاو ببینن، هەربۆیە هەقوایە چۆن فەرەنسیەکان لەجەنگی دووەمی کەنداودا ئەو ڕاستیەیان سەلمان کەبەهۆی لاوازیانەوە لەوجەنگەدابونە جێگەی گاڵتە جاری ئەمەریکاییەکان، ئەمانیش ئەوەبسەلمێنن کە لەکاتی ڕووداوەکاندا بونێکی کۆمیدیان هەبوو.

Kamalrehuf300@hotmail.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣